کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-10-2007 16:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**لەنێوان سێکۆچکەی سستی و پڕۆژەو ئیجرائاتەکان ... کوردێکی تر**

سستی جێ بەجێکردنی ئەو پڕۆژانەی، کەلەسایەی چاوپێکەوتنەکان و کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکاندا لەنێوخشتەی کارەکانی حکومەتـی هەرێم کەڵەکەبوون وەکو ئەو دەستارە سحراویە وابوو کەلەیەکێك لەفیلمە کارتۆنیە دۆبلاژکراوەکانی کوردیدا، لەگەڵ هەر بادانێکدا جارێ شلکێنە و جارێ کولیچەی فرێ ئەدا.

بەڵێ دوای ئەوەی ئاغای گوندی چاوی بەو دەستارەی پیرە ژن کەوت، تەماح دای گرت و ویستی دەستارەکە لەپیرە ژن بکرێ، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو بیفرۆشێ، بۆیە ئاغا بەزەقی چاوان دەستارەکەی لێ دزی و پیرە ژنی داماو کرد، دواتر کەڵەشێرە ئازاو ئابڕوو بەرەکەی پیرەژن دەستارەکەی لەئاغا سەندەوە.

بناغەو سستی بەڕێوەچونی پڕۆژەکانیش، کەکاك عومەر فەتاحی سەرۆکی حکومەتی ئەوسای سلێمانی و جێگری سەرۆکی حکومەتی ئێستای یەکگرتوو تەواو ئاگاداریان بوو چۆن بەڕێوەدەچون بەڵام بۆخۆی و خزم و ئەو کەسانەش کەمەبەستی بوایە وەکو ئەو دەستارە کولیچەو شلکێنەدارە وابوو چەندە بەسستی سوڕیان خواردبایە جارێ کولێچەی دۆلارو جارێ شلکێنەی دۆلاری فڕێ ئەداو چەندە زیاتر سست بونایە هێندە زیاتر وەیلی بێ بنەما دەچوونە نێو ئاماری پڕۆژە جێ بەجێکراوەکان. ئەگەر کولفەی پڕۆژەیەك (100) هەزار دۆلاربوایە سستیەکان بە پاساوی باوو بۆران و دزی و جەردەییەوە بەپاساوی بەڵێندەری درۆزنەوە وەصلی زیاتریان بەرهەم دێناو لەئاکامدا پڕۆژەکە جگە لەوەی سێ بەرامبەر ماوەی کارەکەی بەسەر دەچوو کولفەکەشی دەگەیشتە (300) هەزار دۆلار، واتا پڕۆژەیەك و کولێچەیەك و شلکێنەیەکی دۆلار لەوەعدێکی حکومەتدا کۆدەبوونەوە.. پڕۆژە سەقەت و لەهیچ نەچووەکە بۆ جەماوەروو.. کولێچە و شلکێنە دۆلاریەکەش بۆ کاکە عومەر و خزم و دۆستانی.

کاك عومەر لەماوەی سەرۆکایەتی کردنەکەی ئیدارەی سلێمانی هێندە بەکحولی دۆلارە ئەمریکیەکانی مەست بوبو، گوێی لەفەرموودەکانی کافیەخانی ژنیشی نەدەگرت، ئەمە لەکاتێکدا، کەپێشتر مامەڵەی نێوان ئەو ژن و مێردە لەقوتابیەکی تەمبەڵ و مامۆستایەکی توڕە دەچوو... جگە لەمەش هاواری میللەت لەناو بێ کارەبایی و سوتەمەنی و گرانی بازاڕ لەلای ئەو برادەرە وەکو کۆڕاڵێ قوتابیانی پەیمانگەیەکی هونەرە جوانەکان وابوو، جار جارە خۆشی لێدەبوو بەمایستڕۆی ئەو کۆڕاڵە مەرگەساتەی میللەت و لەخەیاڵی خۆی دەستخۆشی لەخۆی دەکرد. ڕۆژگار هاتوو چوو ستراتیژیەت لەواشنتۆنەوە گۆڕاو چاوی لەهەردوو ئیدارەکەی هەولێرو سلێمانی سورکردەوە و ئەوانیش بەگوتەی میدیاکان یەکیان گرتەوە و شەڕە جنێویش تەواو بوو.

کۆبوونەوەی یەکەمی ئەو دوو ئیدارەیە تەنها تۆقەو ماچ و گلەیی و گازندە بوو لەیەکتری، نەدەبوایە وایانکردبایە گەیبانە ئەو ڕۆژەی کەلەترسی کۆنگرێس و سەرۆك بۆش خەریکە دڵیان دەتەقی. بەڵام دوای ئەوەی کۆشکی سپی دەستخۆشی لێکردن ئەوانیش هاتنەوە سەرخۆ.

کۆبوونەوەی دووەمی حکومەتی یەکگرتوو... جدديات و کارو پەلەکردن بوو لەو پڕۆژانەی کەهێشتا جێبەجێ نەکراون لەسەر ڕۆشنایی ئەو کۆبوونەوانە خوا کردی کەهەنگی ویژدان بەجەستەی هیلاك و نوستوی کاك عومەریەوە داو ڕایچڵەکاند... بەڵام کاتێ ووردبینیان لەجێ بەجێکردنی پڕۆژە کاندا کرد، نیوەی مەو قیعی ئەو پڕۆژژانە هێشتا هەرزەوی بون و ئەو نیوەی تریش کەبناغەیان لێدرابوو باوو بۆران پڕی کردبوونەوە و زۆربەی کاڵاکان دزرابوون و چوبوونە گیرفانی ئەو مەجهولانەی کەڕۆژانە لەنێو بارەگاکەی کاك عومەردا ساپ ساپێن دەکەن و کاکەی جێگری سەرۆکی حکومەتیش ناتوانێ چیان پێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

3-10-2007 16:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بڵێ چونکە خۆی شەریکیانە... پێ دەچێ خۆیی و ئەنجومەنەکەشی بەشێوەی فەرمی هیچیان پێنەکرێ بۆیە لێکۆڵینەوەکانیان... سپارد بەقەزاو قەدەرو شوون هەڵگر.

یەکێکیان لەسەرشانی گەنجێکی دڵسۆزی ووڵات پارێزی وەکو (ئاسۆ کاکەڕەش) نیشتەوە، کەلەبێکەسی لەزیندانە و ئەوی تریشیان لەسەر شانی حورمەیەکی بیتوێنی، کەئێستا لەجاران سەربەسترەو دڵشاد ترە، لەترسی چاوە سوورەکانی عەشایەر کەس ناتوانێ بڵێ لەسەر چاووت برۆیە.

ئێ ی هێ ی کاك عومەر... گاڕانیان بەخڕی دەبرد پیرە ژن لەگۆلکە سورەی دەپێچایەوە.

ئەگەر خەڵکی دزبن... لەکێ فێربون و تۆ لەکوێت بوو.... ؟!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.